کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-6-2007 22:36بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کۆمپانیای وشە گیرۆدەی دەستی یەکگرتووی ئیسلامی بووە ... نەجمەدیین رەزا

کۆمپانیای وشە پێش دەستپێکردنی کارەکانی لە سایتەکەیدا ئامانج و بەرنامەی خۆی خستەڕوو کە لە ئەجیندای سیاسیی حزبێکی رۆژئاوایی دەچوو. هەمووان بەوە دڵخۆشبووین کە کۆمپانیاییەک بچێتە ژێرباری ئەرکێکی وەهاوەو کۆمەڵگای کوردی لە دەست گەندەڵی رزگاربکات و دواتر وردە بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی دابمەزرێنێت.

وەک ئاشکرایە ئەو بەرنامە گەورەو گرانەی (وشە) پێویستی بە کادرو کارمەندی خاوەن توانا و بیری عەلمانی و مۆدرێن هەیە، بەڵام بەداخەوە کۆمپانیای وشە لەو بوارەدا لە سەرەتاوە یەکەم هەنگاوی بە هەڵە هاویشت! چونکە دەرگای لە بەردەم کادری حزبە ئیسلامییەکاندا بە تایبەتی یەکگرتووی ئیسلامی خستە سەر گازی پشت، ئەویش لەرێگەی کەسێکی بێزراوی وەک هەڤاڵ ئەبوبەکرەوە کە ماوەی زیاتر لە دە ساڵە یەکگرتوو وەک داشە هارە بەکاری دەهێنێت بۆ چاندنی کادری ئیعلامی لە ناو دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکاندا. هەڤاڵ لە رۆژنامەی داخراوی هەرێمی کوردستاندا سەرەتا دەستی بەچاندنی کادرەکانی یەکگرتوو کرد، بەڵام بەهۆی توندوتیژی سەرنووسەرەکانییەوە نەیدەتوانی بە دڵی خۆی کاربکات، تا دواجار بەهۆی سادەیی و دڵسافی دوا سەرنووسەری هەرێمەوە کە سەردار عەبدوڵلا بوو توانی نەک هەر کادری یەکگرتوو دابمەزرێنێت، بەڵکو بە عەمەلی دەست بەسەر رۆژنامەکەشدا بگرێت.
پاش ساڵانێکی زۆر لە داخستنی هەرێم هەمان هەل زۆر بە گەورەتر بۆ هەڤاڵ دروست بوو، ئەو هەلەش کۆمپانیای وشەیە کە سەرنوسەری رۆژنامەکەی سەردار عەبدوڵلای هەمان سەرنوسەری پێشووی هەرێمی کوردستانە، سەرداریش بە هۆی نەشارەزاییەوە لە دەرکردنی رۆژنامەدا لە یەکەم هەنگاوی کارکردنیدا هەڤاڵی کردە دەمڕاستی خۆی و هەموو کارەکانی بەو سپارد، بەتایبەتی دانانی ستافی نوسین و تایپیست و هەڵچن و... تاد، هەڤاڵیش وەکو هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیبێتەوە هەرچی پێیکرابێت کەسانی یەکگرتووی دامەزراندووە و دەستی بەڕووی دەیان کەسی خاوەن تواناوە ناوە بۆکارکردن لە رۆژنامەکەدا.

بۆراستی دروستی قسەکانیشم فەرموون ئەم چەند قسەیەی هەڤاڵ بخوێننەوە کە لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتوودا سەبارەت بە کارەکانی لە کۆمپانیای وشە کردوویەتی:
پرسیار: مامۆستا هەڤاڵ کارەکانمان لە وشە چۆن بەرێوەدەچێت؟ هەڤاڵ: زۆر باشەو بە دڵی جەنابتانە.
پرسیار: چۆن؟
هەڤاڵ :هەرچی کەسێکی خۆمان " مەبەست یەکگرتووە" بە باشم زانیبێت لەوێ دامەزراندووە، بەجۆرێک بەشێک نییە دوو تا سێ کەسی خۆمانی لێنەبێت. تەنانەت دووان لە لێپرسراوی بەشەکان کە " یاسین عومەرو هەردی مەهدی میکەعەلی" ین، کردوومن بە لێپرسراوی بەش. لە هەوڵی ئەوەشدام کەسێک بدۆزمەوە بۆ سکرتێری نوسین، بەڵام بەداخەوە کەسێکی باشم دەست ناکەوێ. لەسەر ئەوکارانەی مەسئولەکەی یەکگرتوو دەستخۆشییەکی زۆری لێدەکات و پێیدەڵێ: ئەگەر لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستاندا 10 کەسی وەک تۆمان هەبوایە ئێستا نیوەی ئەندانانی سەرکردایەتی حزبەکانیشمان کردبوو بە یەکگرتوو.
پرسیار: ئەی لەگەڵ نەوشیرواندا چۆنی؟
هەڤاڵ: لە دوا بینیندا کتێبەکەی خۆمم پێشکەشکرد، ئەویش سوپاسی کردم، ئێوە خەمی ئەوتان نەبێ.
پرسیار: چۆن؟
هەڤاڵ: چونکە ئەو متمانەی بە سەردار عەبدوڵلا هەیە، سەرداریش متمانەیەکی کوێرانەی بە من هەیە، بۆیە مەبەستم هەرچییەک بێت دەیکەم.
لێرەدا لە کاک نوشیروان و برادەرانی تری کۆمپانیای وشە دەپرسین؛ ئاوا بەتەمان دژایەتی گەندەڵی بکەن؟ ئاوا بەتەمان کۆمەڵگایەکی مۆدرێن و رۆژنامەگەرییەکی ئازاد دابمەزرێن؟ بەداخەوە پێتان دەڵێم: کە شکست دەهێنن، چونکە هەر لەئێستاوە رۆژنامەکەتان دەیان کەسی تێدایە کە ئەلف و بێی رۆژنامە نازانێت و هەڤاڵ دایمەزرادوون، کەسیش ناتوانێ لایان بەرێت، چونکە جگە لە هەڤاڵ سەرداریش پشتگیریان دەکات.

لە ناو کەسە یەکگرتووەکانیشدا هەڤاڵ گرنگی بە خزمەکانی خۆی داوەو براکەی چەند خزمێکی دامەزرادووە لەوانە جوان سەلاح و هەردی مەهدی کە تا ئەم چرکەیەش لە تەلەفیزیۆنی یەکگرتوو لە سلێمانی کاردەکەن.

بۆیە دەڵێم: کاک نەوشیروان، هەڤاڵ پێش ئەوەی مەترسی بێت بۆسەر هەرکەسێک بۆ تۆ مەترسییە، چونکە هەرقسیەک لە دەمی تۆ دەبیستێ دەیگەیەنێت بە کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم، بۆ راستی دروستی ئەو قسەیەشمان هەر لەدوایی دوا کۆبوونەوەی لەگەڵ ئێوەدا بە پەلە خۆی گەیاندە کاک کۆسرەت و دکتۆر بەرهەم و سەرجەم قسەو نهێنییەکانی پێیانگەیاندن، یەکێک لەو قسانەی ئەوە بوو کە وتبووی کاک نەوشیروان بەخەیاڵی خۆی دەیەوێ دزی لە کوردستان نەهێڵێت، کەچی دزێکی وەک بابەکر درەیی لای خۆی داناوە کە لە کڕینی پێداویستییەکانی دەزگاکەدا چەندین دەفتەری دزیووەو تا ئێستا لێی نەپرسیووەتەوە.
لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر فریایای خۆت و کۆمپانیاکەت نەکەویت بە دەست هەڤاڵ و کلکەکانییەوە ئاخرتان خێر نابێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.